# نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بەزمانی فارسی

**ID No. 182**

(PP 245 - 263)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.3.15

**تاریق موحەممەد ئەورەحیم**

بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Tareq.awrahim@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/02/02**

**پەسندکردن : 2022/04/10**

**بڵاوکردنەوە : 2022/06/28**

**پوختە**

نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بۆ چەند سەدەیەک هەر بە زمانی عەرەبی بوو. بەڵام نوسەرانی فارسیزان بۆ ئاشناکردنی خوێنەرانی خۆیان کە عەرەبی نازانن هەستاون بە کاری وەرگێران لە عەرەبیەوە بۆ زمانی فارسی. وە بە خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆیان دەقەکانی مێژووی ژیاننامەی پێغەمبەریان خوێندۆتەوەو، بەرەبەرە کاری تایبەتی خۆیان بڵاوکردۆتەوە. ئیتر نووسراوەکان بە زمانی فارسی کتێبخانەیەکی سەربەخۆی لێ دروست بوە.

لە روانگەی جیاوازی زمان و جیاوازی مەزهەبی ئاشنابوون بە کتێبخانەی فارسی بە تایبەت سەرچاوە بەراییەکان و بەرهەمەکانی ئەمڕۆ دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)، هەنگاوێکی تایبەتە بەرەو ناسینی مێژووی نوسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) بە زمانی فارسی. لە هەمان کاتدا رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی پسپۆرانی ئەم مەیدانە زیاتر بە میتۆدی یەکتر ئاشنا بن و دروست تایبەتمەندی و جودابیەکانی یەکتری بخوێننەوە، لە دوا جار هەڵوێستی زانستی سەبارەت بە کارەکانی یەکتری بگرن.

**دەستەواژە گرنگەکان:** ژیاننامەی پێغەمبەر، سەرچاوەی فارسی، میتۆدی نووسینی مێژوویی.

## 1. پێشەکی

کەلەپوری نوسراوی شارستانیەتی ئیسلامی لە دوای زمانی عەرەبی بە زمانی فارسی نوسراوەتەوە، بۆیە بەدواداچوون و هەڵدانەوەی ئەو کەلەپورە دەوڵەمەندە لە هەموو زانستەکاندا جێگای بایەخپێدانە. بەڵام هەتا ئێستا توێژەرانی کوردیزان نووسراەکانی ئەم کتێبخانەیان تاوتوێ نەکردوە، دەکرێت بوترێ ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەکە بۆ ناساندن و راوەستان و رامان لە بەشێکی نوسراوە فارسیەکان لە سەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی کوردی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئەوە دەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە کە پرسیاری هەموو پسپۆڕێکی مێژووی ژیاننامەی پێغەمبەرە (د.خ). ئایا یەکەم سەرچاوەی فارسی کامەیە و مێژووەکەی بۆ کەی دەگەرێتەوە؟ کامانەن دیارترین سەرچاوە فارسیەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر؟ ئایا لە گۆڤارەکاندا چ وتارو بابەتێک بە زمانی فارسی سەبارەت بەو سەردەمە بڵاوکراونەتەوە؟ لەمەڕ رووداوەکانی ئەم قۆناغە چ جیاوازیەك هەیە لەنێوان لێکدانەوەی نووسەرانی ئاینزای سونە و شیعە؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و هەروەها بۆ دەستخستنی سەرچاوە فارسیەکان توێژەر کتێبخانە جیاوازەکانی وڵاتی ئێرانی بەسەرکردۆتەوەو، سەرچاوەی پێویستی توێژینەوەکەی دەسکەوتوەو هەر لە شاری تەهران چاوپێکەوتنی لە گەڵ نوسەرێکی فارسی پسپۆڕی ئەم بوارەدا ئەنجام داوە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەردا بابەتەکەی تاوتوێ کردوە، لەتەوەرەی یەکەمدا بەرهەمە بەراییە فارسیەکان لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) دەداتە ناسین، هەرچی تەوەرەی دووەمە تەرخان کراوە بۆ ناونیشانە دیارەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە بەرهەمە هاوچەرخەکاندا، تەوەرەی سێیەمیش رامانێکە لە ناوەرۆکی بەرهەمە فارسیەکانی ئەمڕۆی کتێبخانەی فارسی. هەڵبەتە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیەکی کەم کراوە بۆ بەرهەمە فارسیەکانی دەرەوەی وڵاتی ئێران، چونکە وەرگرتنی هەموو بەرهەمە فارسیەکانی تەواوی جیهانی فارس چ لە رابردوو چ لە ئێستادا کارێکی بەکۆمەڵی دەوێت.

**2. مێژووی نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر بە زمانی فارسی**

ئاشکرایە گەلانی ئێران هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامەوە بوونەتە بەشێکی بەشدارو کاریگەر لە شارستانیەتی ئیسلام. زۆر زانا و سەرکردەی فارسیزان[1] هەڵکەوتن. زاناو پسپۆرانی دونیای زانستە ئیسلامیەکان بەرهەم و نووسینەکانیان بۆ چەندین سەدە هەر بەزمانی عەرەبی دەنووسی. بەڵام بە تێپەربوونی سەردەم و فراوانبوونی وڵاتی ئیسلام و نەزانینی زمانی عەرەبی زانایان کتێبیان بە زمانی فارسی نووسی، پاشان شاعیرانی فارسیزان لە دیوانە شیعریەکانیادا ستایشی پێغەمبەریان (د.خ) تۆمار کردوە.

**2. 1سەرچاوە یەکەمینەکانی فارسی**

**یەکەم:** دەکرێ بوترێ یەکەمین و دیارترین سەرچاوەی زانایانی فارسیزان لە سەر ژیاننامەی پێغەمبەری خودا (د.خ) کتێبێکە بەناونیشانی (شرف النبی ومعجزاته) یان (شرف النبوة، دلایل النبوة و شرف المصطفی) بەرهەم و کاری زانایەکی شافیعی مەزهەبی شاری نەیساپورە بە ناوی ئەبوسەعید عەبدولمەلیك كوڕی موحەمەد كوڕی ئبراهیمی خەرگوشی نەیساپوری (407ک./1078ز.مردوە) كە لەنێوان ساڵانی 385-390ك./ 995-1000ز. لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی عەرەبی دایناوە. دواتر لەلایەن مێژوونووسی دەوڵەتی سەلجوقی نەجمەددین مەحمود ڕاوەندی لەساڵی 585ك./1189ز. وەرگێردراوە بۆ زمانی فارسی.(بختیاری& أمیری،1396، 26-28؛ بصیري، 1397،ل 48)

ئەم سەرچاوەیە وەک دەیان سەرچاوەی تر کە ناونیشانیان بەم جۆرەیە باس لەو بەڵگانە دەکات کە ئاماژەن بۆ ڕاستی پێغەمبەر (د.خ)، لەسەر باسی تایبەتمەندی کەسایەتی ناوازەی پێغەمبەر (د.خ) ڕادەوەستێت، ڕووداوە دەرئاساکانی ژیاننامەکەی دێنێتە زمان[2].

**دووەم:** بە پێی ئەو زانیارانەی تا ئێستا بەردەستن یەكەمین بەرهەمێك ڕاستەوخۆ بەفارسی نووسرا بێت و شوێنەواری مابێت سەبارەت بە بەشێکی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کتێبەکەی ئەبو عەلی سینایە(370-428ك./981-1037ز.) کە بە تێڕوانینێکی فەلسەفیانە کتێبێکی دەربارەی شەوڕەوی پێغەمبەر (د.خ) نووسیوە بەناوی (میعراج نامە). وەڵامی ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بەم ڕووداوەوە داوەتەوە. لەبەر بەنرخی ئەم کارە توێژەرانی فارسیزان لەسەر ئەم بەرهەمە لێکۆڵینەوەیان کردوە. (سینا،1366،ل 77-120)

**سێیەم:** یەکەمین هەوڵی وەرگێڕانی سەرچاوەیەکی ڕەسەنی سیرەت کە (سیرە ابن اسحاق)[3] زانایەك بەناوی ڕەفیعوددین ئیسحاق کوری موحەممەد هەمەدانی قازی ئەبەرکوە (582-623ك./1186-1226ز.) کە لە ساڵی 612ك./1215ز. پێی هەستاوە، بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت لە بواری وەرگێڕانێکی تەواو بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی فارسی. (بصیری، 1397،ل 48)

ئەم زانایە کە ناسراوە بە قازی ئەبەرکوە لە کاتی چوونی بۆ شام و سەردانیکردنی قودس لە ڕێگەی گوێگرتنەوە هەموو کتێبەکە دەخوێنێتەوەو بۆ ئاشنابوونی زیاتری ئەم کتێبە دەچێتە میسرو جارێکی دیکە گوێ لە دوو زانای شارەزای میسریش دەگرێت سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەم کتێبە. بەگشتی هەست دەکات خەڵکی شام و میسر زۆر بەهرەمەند بوون بە ناوەرۆکی ئەم کتێبەو زیاتر ئاشنای ژیاننامەی پێغەمبەرن(د.خ). (همدانی، 1373،ل 3-4).

لەکاتێکدا خەڵك و خوێندەواری هەرێمی فارس[4] نامۆن بەم سەرچاوە ڕەسەنەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ). بۆیە دەبێت خەڵکی هەرێمی فارس بزانن خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەك خوێندنەوەی کتێبێکی تەفسیری قورئان تەماشا بکەن، چونکە یەك لە ئامانجەکانی خوێندن و شارەزابوون لە تەفسیری قورئان ئاشنابوونە بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) ، ئەم کتێبەش ئامانج لە خوێندنەوەی شارەزابوونە بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ). (همدانی، 1373،ل 4).

---

[1] لەم لێکۆڵینەوەیەدا وشەی (فارسیزان) بەکاردێت، چونکە زمانی فارسی تەنها زمانی نوسینی گەلی فارس نەبوە، بەڵکو زمانی ئەدەبی هەموو گەلانی ئێرانی و گەلی تورک و بەشێکی نوسەرانی نیمچە کیشوەری هیندستانیش بوەو، لە نووسینەوەی بەرهەمەکانیان زمانی فارسیان بەکارهێناوە.

[2] بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: من مصادر السیرة النبویة کتب دلایل النبوة https://www.arrabita.ma/blog

[3] ئیبن ئیسحاق ناوی تەواوی موحەممەد کوری ئیسحاق کوری یەسارە لەساڵی (85ك./704ز.) لە مەدینە لەدایك بووەو لە سالی (151ك./768ز.) لە بەغدا مردوە. زانایەکی شارەزای ژیاننامەی پێغەمبەری خودایەو زۆرێك لە زانایانی ئیسلامی باسی کاریگەری کرنگی ئەو بەرهەمەی دەکەن کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوەمی کۆچیدا لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر نووسیویەتی بە ناونیشانی (سیرە رسول الله) ئەم کارەی ئیبن ئیسحاق بەکۆنترین کاری کۆکراوە دادەنرێت لە بواری نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ). یەك لە قوتابیەکانی ئیبن ئیسحاق بەناوی زیاد کوری عبدالله بەکائی (183ك./799ز.مردوە) زانستی مامۆستاکەی بە بێ نوقسان گێراوەتەوە بۆ شاگردی خۆی عبدولمەلیك کوری هشام (218ك./833ز. مردوە).بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (همدانی، 1373،ل 4).

[4] هەرێمی فارس: کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئێرانی ئەمرۆ، شاری شیراز پایتەختی هەرێمەکە بوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (لسترنج،1954،ل 283)

قازی ئەبەرکوە بەهەست و سۆزەوە گەڕایەوە هەرێمی فارس نوسخەیەکی کتێبەکە لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ شاری ئەبەرکوە[5] و دەچێتە لای میری هەرێمی فارس ( سعدالدین کوری زەنگی)[6] گرنگی و بایەخی ئەم کتێبەی بۆ روون دەکاتەوە. میریش قازی ئەبەرکوە هان دەدات، تا هەستێت بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی. ئیتر ئەم زانایە بۆ گەیاندنی سوودی ئەم کتێبە بە خەڵکی ناوچەکە دەستی دایە وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی. بەڵکو بۆ ئاسانکاری و کەڵك لێبینیی زیاتر، کتێبەکەی دابەش کردو لەسەر ناونیشانی باسەکان، ڕێکی خست، لیستێکی بۆ ناوەڕۆکەکەی ئامادەکرد. (همدانی، 1373،ل 19).

شایانی باسە لەسەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا زانایەک بە ناوی موحەممەد کوڕی عەبدولمەلیک کوڕی هیشام (218ك./833ز.مردوە) لەسەر بناغەی گێڕانەوەکەی ئیبن ئیسحاق کتێبێکی لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) ئامادە کرد کە بە سیرەی ئیبن هیشام ناوی دەرکرد، لە سەردەمی نوێشدا[7] ئەم سەرچاوەیەش وەرگێردراوە بۆ سەر زمانی فارسی لە ژێر ناونیشانی (زندگانی محمد (ص) پیامبر اسلام) (محلاتي،1375)

**چوارەم:** زانای ناوداری فەرمووده سەعیدوددین موحەممەد کوری مەسعود کازرونی (758ك.مردوە) کتێبێکی لەسەر مەولود داناوە بە ناوی سیرەی کازرونی یان بە (المنتقی فی سیرة المصطفی) ناوی دەرکردوە. هەڵبەتە ئەم کتێبە یەکەم جار کوڕەکەی بەناوی عەفیف وەریگێڕاوە بۆ زمانی فارسی لە ساڵی 760ك./1359ز. ئیتر بە سیرەی عەفیفی یان کارزونی ناوی دەرکرد. (کارزوني، 1366) دواتر لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لەلایەن عەبدوسەلام کوری عەلی کوری حوسەین ئەبەرکوهی جارێکی تر بۆ زمانی فارسی وەرگێردرا بەناونیشانی (نهایة المسؤول فی روایة الرسول)، بەئامانجی ئەوەی لە ساڵوەگەڕی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د.خ) بۆ خەڵکی بخوێنرێتەوە. کتێبەکەش بۆ پێشەکیەك و چوار بەش دابەش کراوە: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ پێش لەدایکبوونی. دوەم بەش باسێکە سەبارەت لەدایکبوونی تا بوونی بە پێغەمبەر (د.خ)، سێیەم تەرخانکراوە بۆ رووداوەکانی سەردەمی مەککە تا کاتی کۆچکردنی بۆ مەدینە، چوارەمیش بۆ هەموو رووداەکان تا کۆچی دوایی، کۆتایی کتێبەکەش چەند باسێکی جودا جودای تێدایە لەوانە باسی موعجیزاتی پێغەمبەر (د.خ)، گرنگی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر (د.خ) و خێرو پاداشتی سەڵاوات لێدان. شایانی باسە چونکە ئەم کتێبە بۆ خاتری ئەوانە وەرگێردراوە کە عەرەبی نازانن و زۆربەیان یان نەخوێندەوارن یان خوێندەواریەکی سەرەتاییان هەیە، بۆیە زمانێکی سادە لە وەرگێرانیدا بەکارهاتوە. (یاحقي، ب.س،ل51-52)

**پێنجەم: روضة الصفا في سيرة الانبياء والملوك والخلفاء:** کتێبێکی حەوت بەرگیە نوسەرەکەی -مێژوونووسی سەردەمی تەیموری، سەید موحەممەد کوری خاوندشاە کوری سەید بورهانوددین میر خواندی هەرەوی (لە ساڵی (837ك./1433ز.) لە شاری بوخارا هاتوەتە دونیا و لە ساڵی (903ك./1498ز.) لە شاری بەلخ مردوە)-، بەرگی دووەمی بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) و ژیاننامەی هەر چوار خەلیفەی راشیدین (خ.ر) تەرخان کردوە. (میر خواند،1988،ل 21). ئەم بەرهەمە جێگەی بایەخی خەڵکی ئێرانە و زۆر جار چاپکراوەتەوە، چونکە لە بەرگەکانی تردا باسی مێژووی سەردەمە جیاوازەکانی ئێران دەکات[8].

**شەشەم: روضة الأحباب في سير النبي والآل والأصحاب**، کە لە لایەن عطاء الله بن محمود بن فضل الله بن عبد الرحمن یان ناسراو بە جەماڵ حوسەینی شیرازی دەشتەکی (927ک./1521ز. مردوە) ئەم بەرهەمەی بە زمانی فارسی لە ساڵی ( 888ک./1483ز.) نوسیوە، دوای پاکنووسکردنی لە ساڵی (903ک./1498ز.) پێشکەشی میر عەلی شیر نەوائی کردوە.(مدقق،2020،ل 1175)

[5] ئەبەرکوە: (أبرقوه) شارۆچکەیەکی بچوکە، کەوتۆتە نێوان هەردو شاری یەزد و شیراز . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (الحموي،1977،ج1،ل69-70) ؛ (Minorsky, 1986, 3 (ABARRKOH,

[6] سەعد کوڕی زەنکی کوڕی مەودود پێنجەمین میرو ئەتابکی هەرێمی فارس بوە لە نێوان ساڵانی (599-623ك./1203-1226ز.). ئەتابکانی فارس لە بنەڕەتدا خانەدانێکی تورکمانی سوننی بوون لە نێوان ساڵانی (542-685ك./1148-1286ز.) حوکمڕانی هەرێمی فارس بوون. وە بە سولغوریەکانیش ناسراون. کە ناوی باپیرەی گەورەی دامەزرێنەری بنەماڵەکە یە. سونغوری کوڕی مەودود کوڕی سولغور، لە سەردەمی حوکمڕانی ئەوان هەرێمی فارس ئاوەدان و خۆشگوزەران بوە، کەسانێکی مەزنی شیراز لەو سەردەمەدا ژیاون. وەک سەعدی، قازی بیضاوی، قطبالدین شیرازی و وَصّاف مێژونووس (الثقفي، سبتمبر 2017، ل 123-126).

[7] دەبێت ئاماژە بە بکرێت کە گرنگیدانی زانایانی شیعە مەزهەب بە سیرەی ئیبن ئیسحاق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەلایەنەوە ئیبن ئیسحاق لە ژیانیدا پشتگیری دۆزی رەوای ئەهلی بەیت بوەو هیچ لایەنگیری دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئومەوی نەبوە. لەم پێناوەشدا دژایەتی کراوەو دژواری و زەحمەتی زۆر هێنراوەتە رێگەی. (الحسینی، 2009،ل 320-345)

[8]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (AKA, 2005, 156-157)

**حەوتەم:** مدارج النبوة، بەرهەمێکی فەرمودەناس عبدالحق کوڕی سیف الدین دەهلەوی ( 1052هـ ./1642ز. مردوە) کە لە دوو بەرگدا نوسیویەتی لە ساڵی 1997 لە شاری لاهوری پاکستان چاپکراوە. ئەم سەرچاوەیەش بەڵگەیەکە لە سەر فراوانی سنوری زمانی فارسی کە نوسەرانی لە نیمچە کیشوەری هیندی بڵاون. ( مدقق،2020،ل1188)

**هەشتەم:** .موحەممەد باقر مەجلیسی (1110ك. /1699ز.مردوە) زانایەکی شیعەی فارسە لە کتێبێکی پێنج بەرگیدا بە ناونیشانی (حیاة القلوب) باسی ژیاننامەی پێغەمبەران (د.خ) دەکات، بەرگی سێیەم و چوارەمی کتێبەکەی بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) تەرخان کردوە. (مجلسی، 1383، ج3، ج4). نوسەرانی شیعەی هاوچەرخ زۆرجار بە راوبۆچوونەکانی ئەم زانایە بە بەڵگە دەهێننەوە.

**نۆیەم:** سرور المحزون في سيرة النبي المأمون ، ئەم کتێبە کورتکراوەی کتێبی (نور العيون في سيرة الأمين والمأمون) دانراوی ئیبن سەید ناس (734ك./1334ز.مردوە) کەزانای ناوداری هیندستان شاه ولي الله دەهلەوی (1176ك./1763ز. مردوە) لە شاری دهلي بە زمانی فارسی ئامادەی کردوە.

دوای ناساندنێکی خێرای ئەم سەرچاوە سەرەکیانە ، دەتوانرێت بوترێت -جگە لە سەرچاوەی ژمارە هەشت – کە نوسەرەکەی شیعەیەو لە سەدەی یازدەی کۆچیدا ژیاوە، سەرچاوەکانی تر لەسەر بناغەی سەرچاوەی رەسەن و بە دیدو بۆچوونی زانایانی سوننە مەزهەب نوسراوەتەوە ، بەڵکو بەشێکیان وەرگێردراو یان کورتەیەکن لە سەرچاوە عەرەبیە رەسەنەکان، بۆیە لە باس و بابەتەکاندا بەیەک دەچن. بەڵام بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە یەک یەکی ئەو سەرچاوانە شایانی ئەوەیە پسپۆڕانی سەرچاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د،خ) توێژینەوەی تایبەت بۆ ناساندن و بەراوردکردنیان ئامادە بکەن.

### 2.2 شاعیران و ئەدیبانی فارسیزان و ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)

بە درێژایی مێژووی ئیسلام شاعیرانیش لە شیعرەکانیان ستایشی پێغەمبەریان کردوە، دیارترینیان شاعیری ناودار، ناسراو بە فیردەوسی (329-416ك./941-1025ز.) کە بەشێکی شیعرەکانی لە شانامەکەیدا تەرخان کردوە بۆ ستایشی پێغەمبەر (د.خ). شایانی ئاماژەیە کە فیردەوسی لەم شیعرەیدا لە پاڵ ستایشی پێغەمبەردا (د.خ) ستایشی چوار خەلیفەی راشدینیشی کردوەو یەك یەك وەسفی کردون. (فردوسی، 1385،ل12) یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە دەسپێکی بەرهەمە ئەدەبیەکانی بە ستایشی پێغەمەر (د.خ) رازاندۆتەوە فرید الدین عەطاری نەیساپوریە(553-627ك./1158-1230ز.). (أحمدی، 2018،ل 67-68).

ئەمە دوو نمونەی دیار، بەڵام بەدرێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ و هەتا ئەمرۆ ئەدیبان و شاعیرانی فارسیزان بەرهەمیان بەردەوام بوە لەسەر ژیاننامە و ستایشی پێغەمبەر (د.خ). بەرهەمەکان هێندە زۆرن توێژەران کتێبیان ئامادە کردوە بۆ کۆکردنەوەو پیشاندانی ئەم شیعرانە، لەوانە: (نعت حضرت رسول اکرم در شعری فارسی) (دهشیری، 1348) کە شیعری بیست و هەشت شاعیری لە وەسفی پێغەمبەر(د.خ) لە خۆگرتوە. هەروەها بۆ هەمان مەبەست چەند کتێبێکی تر چاپ کراوە لەوانە: (سیمای رسول أکرم در آینەی شعری فارسی). (عسکری، 1385) وە کتێبێکی تر بەناونیشانی (محمد رسول الله در هزار سال شعر فارسی) (ابراهیمی، 1385) شایانی باسە باسی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) و بابەتی شەوڕەوی دوو مژارن زۆرترین رەنگدانەوەی هەیە لەشیعرو ئەدەبی فارسیدا. بەبەڵگەی ئەوەی نوسراوی فارسی سەبارەت بە شەوڕەوی پێغەمبەر (د.خ) لای ئەدیبانی فارس دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی کۆچی. ئەوەتا لێکۆڵەری کەلتوری عیرفان و ئەدەبی فارسی دیار (نەجیب مایل هەرەوی) لە پێشەکی کتێبەکەی ئەبوعەلی سینا لەسەر شەوڕەوی -کەپێشتر ئاماژەی پێکرا- ناونیشانی زیاد لە بیست بەرهەمی شیعری و ئەدەبی فارسی سەبارەت بە رووداوی شەوڕەوی پێغەمبەر (د.خ)بە خوێنەران دەناسێنێت. (سینا، 1366،ل 62-67)

هەر لە بواری شیعردا، لەم ساڵانەی دواییدا، دیوانێکی شیعری لەلایەن موفتی ئەهلی سوننەت لە ناوچەی تاڵشی باکوری ئێران بڵاو کرایەوە بە ناونیشانی (دیوان قریشی)، کە بەشی چوارەمی تەرخان کراوە بۆ ستایشی پێغەمبەر (د.خ) و یارانی (خ.ر). (قریشی، 1397،ل 223-260)

رۆمانیش کە لەسەردەمی نوێدا خوێنەری روو لە هەڵکشانە، وایکردوە رۆمانووسانی فارسیزان لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) رۆمان بڵاو بکەنەوە. بۆ نمونە رۆمانێک بەناونیشانی (ای رسول خدا). (شیرازی، 1387)، هەروەها رۆمانێک بە ناونیشانی (محمد رسول الله (ص) رمانی بر اساس داستان زندگی پیامبر اسلام (ص)). (حسن بیك، 1395).

لەهەمان کات ئەدیب و نوسەرانی فارسیزان رۆمانی تایبەتیان لەسەر بناغەی ژیاننامەی کەسە نزیکەکانی پێغەمبەر (د.خ) بڵاوکردۆتەوە، لەوانە رۆمانێك لە لایەن خاتونی رۆمانووس مەریەمی راهی کە لەسەر بناغەی ژیانی دایکی ئیمانداران خاتوو

خەدیجە (خ.ر) رۆمانێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (یوما)[9]. (راهي، 1394). لە لایەکی دیکە رۆمانێك لە سەر ژیاننامەی دایکی پێغەمبەر (د.خ) (ئامینەی کچی وەهەب) بە ناونیشانی (عروسی قریش) بڵاو کراوەتەوە. (بصيرى، 1398).

دەکرێت لە باسی کەسانی نزیکی پێغەمبەر (د.خ) ناوی سەلمانی فارسی (خ.ر) بهێنرێت، چونکە لە فەرموودەدا هاتوە (سلمان منا اهل البيت)[10]. یان وەکو خاتوو عائیشەی دایکی ئیمانداران (خ.ر) باس دەکات، کە پێغەمبەر (د.خ) لە گەڵ سەلمان بە شەوان دانیشتنی هەبوو، بە جۆرێک خەریک دەبوو لە کاتی تایبەتی ئێمەش ببا. (ابن الأثير، 2012 ،ج2،ل 502 ). بەڵام پێدەچێت سەرباری ئەم پایەو نزیکیەی سەلمان لە لای پێغەمبەر (د.خ)، ئێرانیبوونی سەلمانی فارسی پاڵنەرێکی سەرەکی نوسەر بوو بێت، بۆ ئەوەی رۆمانێک لە سەر بناغەی ژیانی سەلمان بڵاوبکاتەوە بە ناونیشانی (بی قرار، همچون باد: رمانی بر اساس زندگی سلمان فارسی). (بيات، 1386)

### 3. ناونیشانە دیارەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە بەرهەمە هاوچەرخەکاندا

کتێبخانەی هاوچەرخی فارسی دەوڵەمەندە بە کتێب و وتارو لێکۆڵینەوە[11] و دانیشنامە لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)، ئیتر ئەم بەرهەمانە یان هەر لە بنەڕەتدا بە فارسی نوسراون یاخود لە زمانەکانی ترەوە وەرگێردراون.

بەمەبەستی ئاشنابوون بەم بەرهەمانە، دەبێت بزانرێت ئەو مژارانە چین نوسەری فارسیزان کاری لەسەر کردوە و گرنگی زیاتری بە چی داوەو، واتە بەگشتی تیشك بخرێتە سەر بابەتەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی فارسی. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش توێژەر سوودی دیوە لەو ئێندەکسەی خانەی لێکۆڵینەوەی قوم هەستاوە بەئامادەکردن و بڵاوکردنەوە بەناونیشانی (مقاله شناسی پیامبر اسلام(ص) فهرست مقالات نشريات ايران). (خانه پژوهش قم، 1383) کە زیاتر لە هەزاروچوارسەد ناونیشانی تێدایە بۆ ئەو وتارانەی لە گۆڤارەکانی ئێراندا بڵاوکراونەتەوە لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ).

دوای گەڕان بەناو ئەم کتێبخانە کۆکراوەدا دەرکەوت نوسەرانی فارسیزان لەسەر چ بابەتێکی پەیوەست بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە. کە بەکورتی دەکرێت بوترێت بابەتە جیاوازەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کاری لەسەر کراوە، چ وەك کتێبی سەربەخۆ یان وتارو بابەت لە گۆڤارەکاندا، بەم شێوەیەی خوارەوە:.

#### 1.3 . لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)

گەلانی ئێران وەك گەلانی دیکەی ئیسلامی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەریان (د.خ) بەبەرز راگرتوە، وەك لەتەوەرەی پێشوودا باس کرا کە یەکەم مەبەستی سەرەکی وەرگێرانی یەك لە سەرچاوە بنەڕەتیەکان بۆ زمانی فارسی خوێندنەوەی بوە لە ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەردا. دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە زانایانی فارسیزانی شیعە مەزهەب، زێدەتر گرنگی بە رۆژی مەولود دەدەن، هەروەکو یەك لەبیرمەندەکانیان بەناوی مورتەزا موتەهیری (1920-1979) دەڵێت: ((رۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئەکرەم (د.خ) لەهەمان کاتدا رۆژی لە دایکبوونی پێشەوای شەشەم پێشەوا صادقە. بۆیە ئەم رۆژە بۆ ئێمەی شیعیان بە دوو جەژن ئەژمار دەکرێت)) (مطهری، 1385، 231) ، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە لای شیعەوە رۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) دەکەوێتە رۆژی حەڤدەهەمی رەبیعی یەکەم. نەک دوازدەهەمی ئەو مانگە. (آيتی، 1396، 43).

بۆیە نوسەران وتاری جۆراو جۆریان بۆ یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) لە گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە بە زمانی فارسی، کە بەگوێرەی ئەو ئێندەکسەی لە بەردەستە نزیکەی چل وتارە. (خانه پژوهش قم، 1383،ل301) لە لایەکی تر، یەك لە پسپۆرانی فارسیزان لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی (کتابشناخت مولد النبی) بڵاوکردۆتەوە تیایدا ناونیشانی زیاتر لە سێسەد بەرهەمی سەبارەت بە یادی مەولود لە خۆ گرتوە کە لە لایەن زانایانی جیهانی ئیسلام بۆ یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) ئامادەیان کردوە، سەرباری پێشەکیەکی مێژوویی سەبارەت بە مێژووی ئەنجامدانی مەولود لە جیهانی ئیسلام. (جعفريان، 1381،ل 4-25)

---

9. لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نوسەر پرسیاری ماناو هۆکاری رۆمانەکەی لێدەکەن، لە وەڵامدا دەڵێت: یوما لە وشەی (یا اماه) عەرەبی وەگیراوە واتە (ئەی دایە).، ئەم وشەیەش بڵاوە لە ناو گەلی عەرەبی باشوری ئێران کە بانگی دایکیان دەکەن دەڵێن (یوما). گونجاوترین ناوییش بۆ رۆمانێک دەربارەی خاتوو خەدیجە ئەوەیە کە بوترێت ئەی دایە. بگەڕێوە بۆ لینکی /https://shahr20.ir/7166

10. لە کاتی لێدانی خەندەق بە دەوری شاری مەدینەدا لە ساڵی پێنجەمی کۆچی. پێغەمبەر (د.خ) ئەوها باسی سەلمانی کردوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الحاكم، 1990، ج3، 961)؛ (ابن الأثير، 2012،ج2 ،ل502).

11. بێگومان نامە ئەکادیمیەکانی وەک تێزی ماستەرو دکتۆرا بەشێکن لە لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ، بەڵام بەدەستخستنی ئەو بەرهەمانە پێویستی بە گەران و سەردانیکردنی زانکۆکان هەبوو. کە کارێکی بەدەرە لە توانای توێژەرێک ، بەڵام دەکرێت لە داهاتوودا وەک پرۆژەیەکی سەربەخۆ کاری لەسەر بکرێت.

### 2.3. قۆناغەکانی ژیانی پێغەمبەر(د.خ)

قۆناغەکان و ڕووداوە دیارەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) ناونیشانی بەشێکی وتارەکان پێکدەهێنن لە گۆڤارە فارسیەکاندا، کە دەکرێت دیارترین ئەو ناونیشانانە بەم جۆرە دابەش بکەین.( خانە پژوهش قم، 1383،ل 296-320)

یەکەم: ڕووداوی سنگ لەتکردن (شق الصدر)، سەردەمی منداڵی، سەردەمی گەنجی، گەشتەکانی بۆ شام، بینینی لە لایەن بوحەیرای ڕاهیب، پیشەی بازرگانی، هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو خەدیجە (خ.ر).

دووەم: ڕووداوەکانی دوای بوونی بە پێغەمبەر لە قۆناغی مەککە، کۆچی هاوەڵانی بۆ وڵاتی حەبەشە، کۆچی پێغەمبەر (د.خ) بۆ هەردوو شاری تائیف و مەدینە.

سێیەم: وتارێکی زۆریش نوسراوە لەسەر جەنگەکان بەگشتی و بە تایبەت لە جەنگی بەدرەوە تا فەتحی شاری مەککە.

چوارەم: سەبارەت بە باسی ڕەوشتی پیغەمبەر(د.خ) و کەسایەتی مەعنەوەی وتارێکی زۆر بڵاوکراوەتەوە.

پێنجەم: دەربارەی ڕوداوی کۆچی دواییشی وەك ڕووداوی لەدایکبوونی وتارێکی زێدە نوسراوە.

شەشەم: وتار لەسەر ئەو ڕووداوانەش پەیوەستن بە نەتەوەی جولەکەوە لە قۆناغی مەدینەدا دێتە بەرچاو لە گۆڤارەکاندا.

حەوتەم: یەكێكە لەو بابەتانەی کە نوسەرانی فارسیزانی شیعە مەزهەب بە تایبەتی هەڵوەستەیان لەسەر کردوە، بابەتی ڕووداوی غەدیر خومە[12] ، کە پەیڕەوانی شیعە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی حوکمڕانی بوەیهیەکان واتە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی لەم ڕۆژەدا مەراسیمی تایبەتیان ئەنجام داوە. (المقریزی،ب.س، ج1، ل288). بۆیە لە هەموو سەرچاوەکانی شیعە بەتایبەت ناونیشانی تایبەتیان داوەتێ و وتاری سەربەخۆیان لەسەر نوسیوە. (خانە پژوهش قم، 1383،ل 245).

هەشتەم: ڕووداوە دەرئاساکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کە بە موعجیزە ناونراوە، بۆ نوسەرانی فارسیزان باڵکێش بووە، بەڵکو ناوی یەکەم سەرچاوەی بۆ فارسی وەرگێڕدراو بریتی بوو لە (شرف النبی ومعجزاته)، وە دیارترین ڕووداوی دەرئاسا کە بایەخی دراوەتێ ڕووداوی شەوڕەوی پێغەمبەرە (د.خ) کە یەکەم بەرهەمی بە فارسی نوسراو بوو، وەك لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەیان پێدرا. لە سەردەمی هاوچەرخیشدا وتاری زۆری لەسەر بڵاو کراوەتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی لەو ئیندەکسەی بۆ وتارەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) ئامادە کراوە زیاتر لە سی (30) ناونیشان دەستنیشانکراوە. (خانە پژوهش قم، 1383،ل 316)، هەروەها لە کتێبەکانیشدا تەوەرەی سەربەخۆی بۆ دانراوە. (رهنما، 1394، ب2،ل 175-184)

### 3.3 ئەهلی بەیت و کەسە نزیکەکانی پێغەمبەر (د.خ)

نوسەرانی فارسیزان بایەخێکی گەورەیان داوە بە ئەهلی بەیت و کەس و کاری پێغەمبەر خودا (د.خ) لەوانە : باپیرانی، دایکی ، دایەنەکەی واتە حەلیمەتوسەعددیە، لەناو مامەکانیشی ئەبو تالیب و حەمزەی کوڕی عبدولموتەلیب. لە ناو خێزانەکانیشی لەسەر خاتو خەدیجە بە پلەی یەکەم و لەسەر ئوم سەلەمە بە پلەی دووەم وتاریان نوسیوە. لە سەر ڕۆڵە و نەوەکانی پێغەمبەریش لە پێش هەموان لە سەر فاطمەی کچی و عەلی ئامۆزای و زاوای (خ.ر)، وە لەنەوەکانیشی حەسەن و حوسەین (خ.ر) بە پلەی یەکەم باسیان لە سەر بڵاو کردۆتەوە.(خانە پژوهش قم، 1383،ل298).

### 4.3 .یارانی پێغەمبەر (خ.ر)

ژیاننامەی یارانی پێغەمبەر (خ.ر) بەشێکی بنەڕەتی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) پێك دەهێنێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری یارانی لە ژیاننامەی پێغەمبەردا ڕۆڵی دیاریان هەیە. بۆیە دەبینین نوسەرانی فارسیزان لە بۆ ژیاننامەی یارانی بەشێکی زۆری دانیشنامەیەکیان بە ناونیشانی (دانشنامەی سیرەی نبوی) -کە تا ئێستا بەرگی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە- تەرخان کردوە بۆ ژیاننامەی یاران، بەگوێرەی پیتەکانی ئەبجەدی. تەنها لەبەرگی یەکەمیدا ناوی ئەو یارانەی تێدایە کە سەرەتای ناویان بە پیتی ئەلیف دەست پێدەکات. (گروه تاریخ، 1389،ل 89-571)

لە گۆڤارەکانیشدا لەسەر هەندێک لە یارانی ناوداری پێغەمبەر، وتاری سەربەخۆ بڵاوکراوەتەوە، وەک: سەلمانی فارسی، ئەبو ئەیوب ئەنصاری، عبدالله کوری جەحش، بیلال حەبەشی، جابر کوڕی عبدالله ی ئەنصاری, عەممار کوری یاسر، ئەرقەم کوری ئەبی ئەرقەم، خەباب کوری ئەرەت و ئەسماء کچی عومەیس. (خانە پژوهش قم، 1383،ل 309-310)

---

[12]. غەدیر خومر: شوێنێکە لە دوری دو میل لە جوحفە لە نێوان هەردو شاری مەککە و مەدینە، لە کاتی گەرانەوەی لە حەجیماڵئاوایی لە ڕۆژی 18 ذی الحجە ساڵی 10 کۆچی، پێغەمبەر (د.خ) لەو شوێنەدا وتارێکی پێشکەشی هاوەڵانی کردوەو تیایدا باسی لە پلەوپایەی پێشەوا عەلی (خ.ر) کردوە. جا پەیڕەوانی شیعە مەزهەب ئەم روداوە دەکەنە یەک لەو بەڵگانەی کە خەلافەت بە وەسیەت بە ئیمامی عەلی دراوە، وە بە ڕۆژێکی پیرۆزی دەزانن و گرنگی تایبەتی پێدەدەن. سەرچاوەکانی ئەهلی سونەش باسی دەکەن، بەڵام وەک شیعە لێکدانەوەی بۆ ناکەن . بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (ناروئی. 1391،ل 565-567).

بەڵام باسی باڵکێش سەبارەت بە ژیاننامەی یارانی پێغەمبەر (د،خ) بابەتی ئێرانی بوونی بەشێکە لە یارانی پێغەمبەر کە لە لایەن زانای دیاری ناوچەی بلوچستانی باشوری رۆژهەڵاتی ئێران عبدالرشید تریز خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو لە کتێبێکدا بەناونیشانی (اصحاب ایرانی رسول الله) بڵاوی کردۆتەوە، کە بە پشتبەستن بە سەرچاوە رەسەنەکانی فەرمووده و ئەو سەرچاوانەی باس لە چینەکانی یارانی پێغەمبەر دەکەن، لەگەڵ سەرچاوە دیارەکانی تری مێژووی ئیسلامی (تریز، 1398، ل295-303)، رەچەڵەکی (80) هەشتا یاری پێغەمبەری بۆ نەژادی ئێرانی گەڕاندۆتەوە، هەڵبەتە نوسەر زانستیانە بابەتەکە تاوتوێ دەکات، بۆیە لە هاوەڵبوون یان ئێرانیبوون پازدەیان بابەتەکەی لە گوماندا هێشتۆتەوە، بەڵام لە مەڕ شەست و پێنجیان لە هاوەڵبوون و ئێرانیبوونیان بە تەواوی دڵنیایە.

نوسەر سەرەتا بابەتەکانی: وەک بە کێ دەوترێ یار و هاوەڵی پێغەمبەر و هەڵوێستی دروستی دینی دەبێت چۆن بێت لە بەرامبەریان روون دەکاتەوە، دواتر دێتە سەر باسی پەیوەندی سیاسی و کەلتوری نێوان عەرەب و گەلانی ئێرانی بەر لەهاتنی ئیسلام، چونکە بەشێکی وڵاتی عەرەب لە ژێر حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی ئێراندا بوە، بەتایبەت ناوچەکانی رۆژهەڵاتی نیمچە دورگەی عەرەبی و بەشێکی وڵاتی عێراق و چەند ناوچەیەکی وڵاتی یەمەن. لە رووی کەلتوریش زمانی فارسی دووەم زمانی خەڵک بوە لەو ناوچانە. (تریز، 1398، ل35-140). بۆیە بابەتی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی ئێرانی شتێکی چاوەڕێکراوەو هۆکارەکەی بۆ نزیکی جوگرافی و تێکەڵی سیاسی و کەلتوری نێوان هەردوو گەلی فارس و عەرەب دەگەرێتەوە،

جا نوسەر لەسەر ناسنامەی هەریەکەیان راوەستاوەو ئێرانی بوون و هاوەڵبوونیان تاوتوێ دەکات . دابەشی سەر سێ گروپی کردوون:

یەکەم: یارانی پێشەنگ کە ژمارەیان پازدەیە. وەک سەعدی کوڕی خەولە کە یەکێک بوە لە دەستەی دوەمی کۆچەران بۆ وڵاتی حەبەشە، سەلمانی فارسی و سالم ی وابەستەی ئەبو حوزەیفە،.هتد... (تریز، 1398، ل166-209)

دووەم: یارانی نیشتەجێی وڵاتی یەمەن کە ژمارەیان سی ودووە. وەک باذان کوڕی ساسان حوکمداری ساسانیەکان لە وڵاتی یەمەن، کە لە ساڵی شەشەمی کۆچی خۆی و کەسانی دەوروبەری موسڵمان بوون. لەسەرچاوە مێژووییەکانیشدا هاتوە: (أسلم باذان وأسلم معه أبناء من فارس).(الطبری،2010، ج3، ل143-144)؛ (ابن الأثیر، 1989،ج2، ل95).

سێیەم: یارانی نیشتەجێی شارو شوێنە جیاوازەکان. کە ژمارەیان سی وسێ یە، دیارترینیان جابانی کوردی. کە نوسەر بەبایەخەوە دەیهێنێتە زمان (تریز،1398،ل287-288)

لە کۆتایشدا بە پاشکۆیەک لەسەر دڵنیایی تەواو، یان بوونی گومان سەبارەت هاوەڵ بوون یان ئێرانی بونی هەریەکە لەو یارانە لیستێکی ئامادە کردوە.[13] (تریز، 1398،ل 289-294)

**5.3 لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)**

هەڵبەتە یەك لەسەرچاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) قورئانی پیرۆزە، بۆیە وتاری زۆر نوسراون بەزمانی فارسی لەسەر بابەتی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ). (خانە پژوهش قم، 1383،ل 312-313) ، هەروەها لەسەر یەکەمین نوسەرانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) وتار هاتۆتە وەشاندن، وەک ئەوەی لەسەر ئەبوسەعیدی خەرگوشی نوسراوە. (خانە پژوهش قم، 1383،ل 172).

نوسەرانی فارسیزان بەرهەم و کتێبی رۆژهەڵاتناسانیان لە سەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) گرنگی پێداوە، بە بەڵگەی ئەوەی بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی رۆژهەڵاتناسان لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر وەرگێردراون بۆ زمانی فارسی. یاخود نوسەرێك هەستاوە بەکۆکردنەوەی کۆمەڵێك وتاری رۆژهەڵاتناسان کە پەیوەندیدارە بەم مژارەوە بە ناونیشانی (سیره پژوهی در غرب). (نیا، 1386،ل11-20) یان هەڵسەنگاندن کراوە بۆ بەرهەمی رۆژهەڵاتناسێک دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) (رضایی، 1396،ل245-260) و (خوزانی، 1396). ئەمە جگە لە گۆڤارەکاندا وتاری جۆر بە جۆر لەسەر دیدو بۆچوونی رۆژهەڵاتناسان لە سەر ژیاننامەی پێغەمبەر چاپ کراوە. (خانە پژوهش قم، 1383،ل 230)

لەلایەکی تریشەوە نوسەرانی فارسیزان هەستاون بە رەخنەگرتن و پوچەڵکردنەوەی ئەو بیرو بۆچوونە هەڵەو ئەو خوێندنەوە خراپانەی کە سەبارەت بە کەسایەتی و کارەکانی پێغەمبەر (د.خ) بڵاوکراونەتەوە لە ناو کۆمەڵگەدا، لە دیارترینیان ئەو کتێبەی بەناونیشانی (بیست و سه سال) لە نوسینی عەلی دەشتی کە رۆژنامەنوس و سیاسەتمەدارێکی سەردەمی شاه بوو، لە شاری

[13]. لەبەر تازەیی و باڵکێشی ئەم بابەتە لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو لیستە دانراوە، تا ببێتە دەروازەیەک بۆ کاری توێژەران لە داهاتوودا.

بەیروت چاپکرابوو. بابەتەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر و کەسایەتی خودی پێغەمبەر (د.خ) دوور لە هەموو میتۆدێکی زانستی و بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی رۆژهەڵاتناسی جولەکەی دەمارگیر بەرامبەر ئیسلام (گۆڵدزهیر 1850-1921 ) تێدا خرابوویە ڕوو.

بۆیە زانایەکی ناوداری شیعە مصطفی حسینی طباطبائی هەستاوە بە ڕەتدانەوەی تەواوی ئەو بۆچوونە هەڵانەی لەو کتێبە ئاخنرا بوو، لەژێر ناونیشانی (خیانت در گزارش تاریخ: نقد کتاب ٢٣ سال و آرا برخی از خاورشناسان) لە ساڵی 1361هـش لە سێ بەرگدا چاپی کرد[14]. (طباطبائی، 1368)، دوای نزیکەی چل ساڵ لە چاپی یەکەم، نوسەر پاش ڕێکخستنەوەی جارێکی تر بڵاویکردەوە . (طباطبائی، 1399)

**6.3 مێژووی پەیوەندی ئێران و ساسانیان بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)**

دواجار بابەتێك کە زیاتر لای نوسەرانی ئێرانی بایەخی پێدراوە، ئەویش مێژووی پەیوەندی ئێران و ساسانیانە بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ نمونە وتارێك بەناونیشانی (ئاگایی ساسانیەکان بە پێغەمبەر(د.خ)). (خانە پژوهش قم، 1383،ل 23-24).

## 4. رامانێك لە چەند بەرهەمێکی فارسی هاوچەرخ

دوای دەستنیشانکردنی سەرچاوە بەراییەکانی فارسی و پیشاندانی دیارترین بابەتەکانی پەیوەست بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) ، جێگەی خۆیەتی هەڵوەستەیەک بکرێت لە بەردەم سەرچاوەکانی ئەمڕۆی فارسی سەبارەت بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د،خ).

دەکرێت سەرچاوەکانی فارسی هاوچەرخ بکرێتە سێ بەش و لە بۆ هەر یەکێکیان لە سەر نمونەیەک راوەستانێک بکرێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەش بکرێن:

**1.4 بەرهەمی نوسەرانی فارسی سونە مەزهەب**

سەرەتای نوسین بە زمانی فارسی سەبارەت بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر دەستی نوسەرانی سونە مەزهەب بوە، وەک لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا کە لە ژێر سایەی حوکمڕانی خانەدانی سولغوری یان ئەتابکانی هەرێمی فارس کە سونە مەزهەب بوون سەرچاوەی یەکەمی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) وەرگێردراوە بۆ زمانی فارسی. بەڵکو لە دە سەدەی یەکەمی مێژووی ئیسلامیدا نەک تەنها لە سنوری وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆدا بەڵکو لە نیمچە کیشوەری هیندیدا، نوسراوە فارسیەکان زۆربەی نوسەرەکانیان سونە مەزهەب بوون، (نیا، 1396،ل 135-158) (مدقق، 2020،ل 1170-1190)

بە گشتی بەرهەمی ئەم نوسەرانە پشت دەبەستن بەسەرچاوە رەسەنەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا. بابەتەکان هەر هەمان بابەتن کە لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا هاتوە، بیروبۆچوون و لێکدانەوەیان بۆ بابەتەکان هەروەکو ئەوەیە کە لەسەرچاوە عەرەبیە رەسەنەکاندا دەبینرێت. باشترین و نوێترین نمونەش ئاماژەی پێ بکرێت کتێبێکی دوو بەرگیە کە بەناونیشانی (رسول خاتم بر منابع اهل سنت، پژوهشی تحلیلی در زندگی پیامبر اسلام ) لە ساڵی 2010 بڵاوکرایەوە،(ناروئی،1391) وەکو نوسەرەکەی وتی: ((لەبەر نەبوونی سەرچاوەیەکی تازەی فارسی بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئەهلی سونەت هەستاوم بە ئەنجامدانی ئەو کتێبە دوو بەرگیە)).[15] لەوانەیە نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خەڵکانی سونەی وڵاتی ئێران زۆر بە پێویستیان نەدیبێت لە سەر بناغەی سەرچاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کتێبی تایبەت بۆ خۆیان بنوسن، چونکە بەشێک لە کتێبە چاپکراوەکان بە گشتی جیاوازیەکی بنەرەتیان نەبوە. وەک لەو نمونەی خوارەوە هەڵوەستەیەکی لە سەر دەکەین.

ناروئی نوسەر بە گشتی کتێبەکەی لە سەر بنەمای سەرچاوەکانی ئەهلی سوننەت نوسیوە، زیاد لە سەدو پەنجا سەرچاوەی بەکارهێناوە کە زۆربەی زۆری سەرچاوەی عەرەبین. (ناروئی،1391،ل 593-608) ، بابەتەکانی هەمان ئەو بابەتانەن کە لەسەرچاوەکاندا هەن و بەتێڕوانینێکی زانستیانەی دوور لە لایەنگیری، لەگەڵ باسکردنی بابەتەکان هەندێک شیکردنەوەی بۆ ڕووداوەکان نوسیوە.

14 شایانی باسە کتێبەکەی عەلی دەشتی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی و نوسەرێکیش هەستاوە بە رەتکردنەوەی و لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (بیست و سێ ساڵ سەروەری وەڵامێک بۆ کتێبی بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی). بڵاوی کردۆتەوە (حاجی رەشید، 2007).

15 چاوپێکەوتن لەگەڵ داود ناڕۆئی لە 25 تەمموزی 2019 لە شاری تەهران. داود ناڕۆئی بە بنەڕەت خەڵکی ناوچەی زاهیدانی رۆژهەڵاتی ئێرانە بەڵام لە تەهرانی پایتەخت دانیشتوە.

**2.4 بەرهەمی نوسەرانی شیعە مەزهەب**

**دەکرێت بەرهەمەکانی نوسەرانی شیعە بکرێتە دوو بەش:**

**یەکەم:** ئەو نووسراوانەن کە هەست بە جیاوازیەکی ئەوتۆ ناکرێت تیایدا لەگەڵ سەرچاوە نوسراوەکانی ئەهلی سوننەت. واتە نوسەرەکە هەرچەندە زانایەکی شیعەمەزهەبە بەڵام بینیشی زۆر نزیکە لە نوسەرانی سوننەمەزهەب، بۆیە لە شیکردنەوەی بۆ رووداوەکان و هەڵسەنگاندنی بۆ کەسایەتیەکان جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت.

بۆ نمونە: کتێبی (تاریخ پیامبر اسلام محمد) کە لە لایەن مێژوونووس و مامۆستای زانکۆی تەهران موحەمەد ئیبراهیم ئایەتی (١٣٤٣ه.ش. مردوە).ئامادە کراوە. جا نوسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە لایەن زانایەکی شیعەو مێژوونووس کە سوود لە سەرچاوەکان جیاوازەکان دەبینێت بە بۆچوونێکی بەرفراون رووداوەکان و کەسایەتیەکان دەخوێنێتەوە. وەک هەر زانایەکی سوننە سەرچاوەکانی وەک (سیره ابن هشام) و سەرچاوەکانی تایبەت بە ژیاننامەی یارانی پێغەمبەر (د.خ) بە کاردێنێت، کەڵک لە سەرچاوە رەسەنەکانی مێژووی ئیسلامی دەبینێت. (آیتی،1396،ل589-600) بێگومان لە ئەنجامدا نوسینەکەی جیاوازیەکی زۆری نابێت لە گەڵ نوسەرانی سوننە مەزهەبدا.

ئایەتی مێژوونووس لە کتێبەکەیدا زانیاری زۆری مێژوویی کۆکردۆتەوە، لە سەر مێژووی رووداوەکان و ناوی کەسەکان زۆر زانیاری وردی گواستۆتەوە، وەکو مامۆستایەکی زانکۆش هەر زانیاریەک بهێنێت ناوی سەرچاوەکەی تۆمار دەکات. بە مەبەستی ناسینێکی خێرای میتۆدی نوسەر، دەبێت چەند نمونەیەک لە کتێبەکەی بخرێتە ڕوو. بۆ نمونە لە دوای ناساندنی باوک و دایکی پێغەمبەر (د.خ) دەنوسێت : (( عەللامە مەجلیسی دەڵێت: شیعەی ئیمامی لەسەر باوەڕداری ئەبوتالیب و ئامینەی کچی وەهەب و عەبدوللای کوڕی عەبدولموتەللیب یەک دەنگن)) (آیتی، 1396،ل 42). وە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەبوتالیب باوەڕدار بوە ، لەباسی مردنی ئەبوتالیب دێتەوە جەخت لەم مەسەلەیە دەکاتەوە ناوی چەند سەرچاوەی سەربەخۆ دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە. (آیتی، 1396،ل 134-135).

یان کاتێک باسی مێژووی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) دەکات را جیاوازەکان دەگوازێتەوە دەنووسێت: ((لە مێژووی لە دایکبوونی پێغەمبەری خودا رای جیاواز هەیە، مەشهوری لای شیعە هەڤدەهەم و مەشهوری لای سوننە دوازدەهەمی رەبیعولئەوەلە)) (آیتی، 1396، 43). هەروەها دەڵێت: لەسەر سەرەتای پێغەمبەرایەتی، بە لای شیعەی ئیمامی رۆژی بیست و حەفتی مانگی رەجەبە. بەڵام رای مەشهوری فیرقەکانی تر مانگی رەمەزانە. (آیتی، 1396،ل 67)

بەڵام نوسەر چونکە خۆی زانایەکی شیعەیە، رایەکانی شیعە لە هەموو بابەتەکان تۆمار دەکات، بۆ نمونە کاتێک چەند رایەکی جیاواز سەبارەت بە شەوڕەوی پێغەمبەر (د.خ) تۆمار دەکات لە کۆتاییدا دەڵێت : ((بە هەموو ئەو جیاوازیانەی لە سەر کات و چۆنیەتی شەوڕەوی و بەرزبوونەوەی پێغەمبەری خودا هەیە، باوەڕی شیعەی ئیمامی وایە کە شەوڕەوی و بەرزبوونەوە بەجەستەو بێداری تەواو رویداوە)) (آیتی،1396، ل138).

بە گشتی ئەم کتێبە سوودی بۆ هەموو خوێنەرێکی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) هەیە، چونکە زانیاری مێژوویی زۆری تێدا تۆمار کراوە، لە سەرچاوە دیارەکانی مێژووی ئیسلامی کەڵکی زۆری دیوە، بە تایبەت لە بواری تۆمارکردنی ناوی بەشداربوانی رووداوە جیاوازەکانی وەک ناوی کۆچەران بۆ وڵاتی حەبەشە، ناوی بەشداربوانی پەیمانی عەقەبەو ناوی بەشداربوانی جەنگی بەدر. هتد....(آیتی،1396،ل 103-115، 144-158، 228-234)

دەکرێت میتۆدی نوسەرو زانیاریە مێژووییەکانی ئێو کتێبەکە هۆکاری ئەوە بووبێت کە زانکۆی تەهران تا ئێستا نزیکەی دە جار ئەم بەرهەمەی چاپکردۆتەوە. هەروەکو کتێبی (تاریخ اسلام) کە لەلایەن (دکتۆر علی أکبر فیاض1898-1972) کە لە سەر هەمان میتۆدو روانگەی کتێبەکەی موحەمەد ئیبراهیم ئایەتی نوسراوە، دیارە لەبەر ئەمەشە چاپی بیست و یەکەمی ئەم بەرهەمەش، زانکۆی تەهران پێی هەستاوە. (فیاض، 1397).

**دووەم:** ئەو نووسراوانەن کە نوسەرەکانیان بە پاشخانێکی مەزهەبی تۆخ بەرهەمەکانیان نوسیوە. . یەک لەوانە ئەو کتێبەی کە لە لایەن (سید ابراهیم سید علوی) بە ناونیشانی (سیره تحلیلی پیامبر اعظم) نوسراوە، رووداوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) دەخاتە روو وەک ئەوەی لە سەرچاوە سەرەکیەکاندا هاتوە، لە دوای باسکردنی رووداوە سەرەکیەکان شیکردنەوەیان بۆ دەکات و سەرچاوەو بینشی زانایانی شیعە دەکاتە بناغە. نوسەر وەک زانایەکی شیعەو دەرچووی حەوزە زانستیەکان، ئەو چەند نمونەی باسی لێکرا لە بەرهەمەکەی پێشوودا هەمووی بە زەقی لە کتێبەکەیدا دەبینرێت.(سید علوی، 1388،ل 76-77، 167-168، 199). بەڵکو هێرش دەکاتە سەر ئەوانەش کە گومان دەکەن لە باوەڕی ئەبوتالیبی مامی پێغەمبەر (د.خ) بە (محدثان دستگاه خلافت)

یان بە (راویان أموی مسلک) وەسفیان دەکات . (سید علوی، 1388،ل 94-95) یان لە جێگەیەکی تردا دەستەواژەی (مورخان دستگاه حامی أمویان) بۆ بەکار دەهێنێت. (سید علوی، 1388،ل 233)

زیاتر لەوەش کاتێک باس لەو بابەت و رووداوانە دەکات کە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خ.ر) تیایدا بەشدارە لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)، دەیکاتە بەڵگەی پایەبڵندی بۆی، -هەڵبەتە شیاوی ئەو رێز و پایەیە عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خ.ر) -، بەڵام کاتێک باسی هەندێک رووداو دەکات کە پێشەوایانی وەک ئەبوبەکری سددیق یان عومەر کوڕی خەتتاب (خ.ر) تیایدا بەشدار بوون، بێ هیچ پەسنێک دەڕوات بەسەریدا، بەڵکو هەندێک جاریش رەخنەیان لێدەگرێت. ئەمەش بە ڕوونی لە رووداوی کۆچکردن بۆ مەدینە هەستی پێدەکرێت. مانەوەی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خ.ر) لە ماڵی پێغەمبەر (د.خ) بە پلەو پایەکی بڵند بۆی ئەژمار دەکات، رای زانایانی سونە و شیعە بۆ سەلماندنی دەهێنێتەوە. ( سید علوی، 1388،ل 242-244) بەڵام لە باسی هاوەڵیەتی پێشەوا ئەبوبەکری سددیق(خ.ر) لەو کۆچەدا بە گرنگ تۆماری ناکات، رای زانایانی سونەش رەتدەکاتەوە. چونکە پێی وایە ئەوە کەمیە بۆ پێشەوا ئەبوبەکر کە پێغەمبەر (د.خ) پێی دەفەرموێت: (دڵ تەنگ مەبە) بەڵکو لە ئاست ئایەتی: (( الا تنصروه فقد نصره الله اذ أخرجه الذين كفروا ثاني اثنين اذ هما في الغار اذ يقول لصاحبه لا تحزن ان الله معنا)) سورة التوبة/ 40 دەنوسێت: ((در این آیه فضیلتی برای مصاحب اثبات نمی شود، اگر نقصان اخلاقی و رفتاری مطرح نباشد)) (سید علوی، 1388،ل 246) واتە: (لەم ئایەتەدا هیچ فەزیلەتێک و چاکەیەکی بۆ هاوڕێیتی ناسەلمێت، ئەگەر ناتەواوی رەوشت و رەفتار نەیەتە باس).

هەر ئاواش لەباسی موسڵمانبوونی پێشەوایان عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عومەری کوڕی خەتتاب دا (خ.ر) هەمان بەراورد هەستی پێ دەکرێت. (سید علوی، 1388،ل 204-207). بەڵکو نوسەر هەر گێڕانەوەیەک کە رەخنەئامێز بێت بۆ کەسایەتی پێشەوایانی وەک ئەبوبەکر و عومەر (خ.ر) بێلێکۆڵینەوە تۆماری دەکات، وەک ئەوەی دەڵێت: ئەبوبەکری سددیق (خ.ر) لەعنەتی لەسەر گۆڕێک کردوە و منداڵەکانی خاوەن گۆڕەکە چونەتە لای پێغەمبەر (د.خ) شکاتیان لێکردوە (سید علوی، 1388،ل 406). یان ئەوەی گوایە عومەری کوڕی خەتتاب (خ.ر) توانجی لە یەکێک لە خانمەکۆچەرەکان داوە، دوای گەرانەوەی لە وڵاتی حەبەشە بۆ شاری مەدینە. (سید علوی، 1388،ل 386).

هەروەها لە بابەتی ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) لە پێش مەرگی ویستی وەسیەت بکات بۆ جێنشینی، بەڵام عومەری کوڕی خەتتاب (خ.ر) بویە هۆکاری ئەوەی نەیکات. بابەتێکە نوسەر بە درێژی لەسەری راوەستاوە. وە بە گشتی نوسەر بە بینشێکی شیعەی ئیمامی لەسەر بابەتی جێنشینی پێغەمبەر (د.خ) دەڕوانێت و عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خ.ر) بە ستەملێکراو پیشان دەدات. (سید علوی، 1388،ل 437-444).

ئەم بینشە مەزهەبیە تۆخە بە شێوازێکی دیکەش هەستی پێدەکرێت، کاتێک یەک لە زاناکانی شیعە کتێبێکی چەند بەرگی بە ناونیشانی (قیام حق) داناوە. مژاری بەرخۆدان و راپەڕینی پێشەوا حوسەین (خ.ر) بەرامبەر ستەم لە بەرگی یەکەم و دوەمی کتێبەکەدایە، بەرگی سێیەمیشی باسی ستەمدیدەیی چواردە کەسایەتی ئەهلی بەیتە، پاشان بەرگی چوارەمی ئەو کتێبەی بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) تەرخان کردوە. (شرقی، ب،س،ل 5-6)

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەکرێت بوترێت: هەرچەندە هەموو کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) باسەکانیان لە یەک نزیکن و جیاوازیەکی زۆر نیە لە نێوانیان، بەڵام وادیارە ئەو نوسراوانەی زیاتر کراوەن و بە تێڕوانینێکی میانەڕەوانە بابەت و رووداوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) باس دەکەن و دەگەرێنەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)، خوێنەریان زیاترە و زۆرتر چاپ دەکرێنەوە، زانکۆکانیش هاوکارن لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی. لەهەمان کاتدا بەشێک لە نوسراوەکانی شیعە بابەتی ناشیاوی تێدایە بەرامبەر بە هەندێک لە هاوەڵان (خ.ر)، وەک ئەو چەند نمونەیەی لە سەرەوە باسکران.

### 5. ئەنجام

دوای دەستنیشانکردنی بەرهەمە فارسیەکان لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ و ناساندنێکی خێرای ئەو بەرهەمە هەمە چەشنەیە، دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئەنجامەکان پوختە بکرێت:

1. کتێبی (شرف النبی ومعجزاته) بە یەکەمین سەرچاوە ئەژمار دەکرێت کە لە سەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە لایەن زانایەکی فارس بە ناوی ئەبوسەعید خەرگوشی نەیسابوری (406ك/1015ز.مردوە) بە زمانی عەرەبی دانراوە. دواتر لەلایەن نەجمەددین مەحمود راوەندی لەساڵی (585ك./1189ز) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی فارسی.

2. کتێبی (سیره ابن اسحاق) یەکەمین سەرچاوەیە لە سەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کە وەرگێردرابێت بۆ زمانی فارسی کە لە سەرەتاکانی سەدەی هەفتەمی کۆچیدا رەفیعوددین ئیسحاق کوری موحەممەد هەمەدانی یە قازی ئەبەرکوە (582-623ك./1186-1226ز.) پێی هەستاوە.

3. یەکەمین بەرهەمێك راستەوخۆ بەفارسی نوسرا بێت و شوێنەواری مابێت سەبارەت بە بەشێکی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کتێبەکەی ئەبو عەلی سینایە(370-428ك./981-1037ز.) بەناوی (میعراج نامە).کە باسێکی فەلسەفیانەیە دەربارەی شەورەوی پێغەمبەر (د.خ).

4. ئەدیبان و شاعیرانی فارسیزان هەر لە ئەبو قاسم فیردەوسیەوە واتە لە سەدەی چوارەمی کۆچیەوە هەتا ئەمرۆ، بەردەوام لە چوارچێوەی هەڵبەستەکانیاندا هەست و سۆزیان بۆ ستایش و پەسنی پێغەمبەری خودا(د.خ) دەربڕیوەو بە باسکردنی روداوە ئاساو دەرئاساکانی ژیاننامەکەی بەرهەمەکانیان رازاندۆتەوە، لەم دواییانەش لەلایەن رۆماننووسان چەند رۆمانێک لە سەر بناغەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) و هەندێک لە کەسە نزیکەکانی بڵاوکراوەتەوە.

5. لە گۆڤارەکانی وڵاتی ئێران دا بەرهەمی جۆراوجۆر بە زمانی فارسی لەمەڕ ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) چاپ کراوە، گشت بوێرو روداوە ئاساو دەرئاساکانی سەردەمەکەی بڵاوکراوەتەوە. وە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە مەڕ ژیاننامەو رەچەڵەکی یارانی پێغەمبەر (د.خ) رەچەڵەکی ئێرانیبوونی ژمارەیەکیان سەلمێنراوە.

6. دەکرێت نوسراوەکانی فارسی لە سەر ژیاننامەی پێغەمەر (د.خ) بە گوێرەی مەزهەب و تێڕوانینی نوسەرەکانیان دابەش بکرێن، بەڵام بەگشتی هەموو بەرهەمەکان رووداو و بەسەرهاتەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) تۆمار دەکەن، لە زۆربەی زۆری باسەکاندا لەیەک نزیکن، بەڵکو لە رێزو قەدردانان بۆ ئەندامانی ئەهلی بەیت و یارانی پێغەمبەریش (د.خ) هاوڕان، بەڵام بەشێک لە نوسەرانی شیعە رەخنە و گلەو گازەندە لە هەندێک هەڵوێستی یارانی (خ.ر) دەگرن، جەخت لە هەندێک گێڕانەوە دەکەن کە کەمڕێزی لێدەبینرێت بەرامبەریان.

7. دەکرێت ئەم توێژینەوەیە ببێتە رێگە خۆشکەرێک بۆ پسپۆڕانی سەرچاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د،خ) بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بۆ ناساندن و بەراوردکردنی نێوان سەرچاوەکان. یان کار بکرێت لەسەر کۆکردنەوەو ناساندنی ئەو بەرهەمە فارسیانەی لە وڵاتانی نیمچە کیشوەری هیندی و ئاسیای ناوەڕاستدا نوسراون، هەروەک چۆن توێژینەوەیەکی سەربەخۆ گرنگە بکرێت، لەسەر ئەو نێزی ماستەر و دکتۆرایانەی بە زمانی فارسی لەسەر بابەتەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) پێشکەش بە زانکۆکان کراون.

## 6. سەرچاوەکان


**یەکەم: سەرچاوەی کوردی:**

حاجی رەشید، ئەحمەد، (2007)، بیست و سێ ساڵ سەروەری وەڵامێک بۆ کتێبی بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی، سلێمانی، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر.

**دووەم:سەرچاوەی عەرەبی**

**القرآن الكريم**

احمدي ، عبدالحميد،( 2018م).، المديح النبوي في ظل دولة آل سلجوق بايران العطار نموذجا، گۆڤاری جيل الدراسات الأدبية والفكرية، العدد 39، مركز جيل البحث العلمي ، لبنان طرابلس.

الثقفي، أحلام أحمد محمد، (سيبتمبر 2017)، علاقات الدولة السلغرية بالقوى المجاورة لبلاد فارس (543-585هـ/1148-1288م)، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية ، العدد الثالث، المجلد الاول، فلسطين.

ابن الأثير، عزالدين ابي الحسن علي بن محمد الجزرى،(630ك./1233ز.) (2012)، اسد الغابة في معرفة الصحابة، دار ابن حزم، بيروت.

ابن الأثير، عزالدين ابي الحسن علي بن محمد الجزرى (630ك./1233ز.)،( 1989)، الكامل في التاريخ، دار احياء التراث العربي، بيروت.

الحاكم، ابو عبد الله محمد بن عبد الله بن محمد النيسابوري (405ك./1015ز.)، (1990م ). المستدرك على الصحيحين ، دار الكتب العلمية،المجلد الثالث، بيروت.

الحسيني ، السيد نبيل،( 2009م)، الشيعة والسيرة النبوية بين التدوين والاضطهاد، العتبة الحسينية المقدس، كربلا،.

الحموي، ياقوت بن عبد الله الرومي، (526ك./1229ز.) (1977م)، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

الطبرى،ابو جعفر محمد بن جعفر (310ك./ 922ز.) ،( 2010)، تاريخ الرسل والملوك، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

لسترنج ، گى،( 1954م.)، بلدان الخلافة الشرقية، ترجمة: بشير فرنسيس و گورگيس عواد، مطبعة الرابطة، بغداد.

مدقق، هداية الله، (2020)، اللغة الفارسية ودورها التاريخي والثقافي و خدمتها للسنة النبوية، مجلة بليمنامه، جامعة أرجيس، قيصرى. المجلد.41 ، تركيا.

المقريزي، تقى الدين احمد بن على، (845ك./1442ز.)، (ب.س)، كتاب المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار المعروف بالخطط المقريزية، دار الصادر، بيروت.

مير خواند ، محمد خاوندشاه محمود(903ك./1498ز.)، (1988م.)، روضة الصفا في سيرة الانبياء والملوك والخلفا، ترجمة وتعليق: احمد عبدالقادر الشادلي، الدار المصرية للكتاب، مصر.

**سێیەم: سەرچاوەی فارسی**

ابراهیمی، جعفر،( 1385هـ-ش)، محمد رسول الله در هزار سال شعر فارسی ، انتشارات کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان،تهران.

آیتی، محمد ابراهیم،( 1396هـ-ش)، تاریخ پیامبر اسلام محمدانتشارات دانشگاه تهران ، تهران.

بختیاری، شهلا & أميرى، مونا، ( 1396هـ-ش)، گونه شناسی معجزاتي پیامبر (ص) در کتاب شرف النبی واعظ خرگوشی، گۆڤاری جستارهای تاریخی، شماره 1، پژوهشی وزارت علوم، ایران .

بصيري، عباس،(1397هـ-ش)، بررسي ونقد سيره نگاری در ناسخ التواریخ، گۆڤاری مطالعات تاریخ اسلام، شماره36، ایران.

بصیری، مریم،( 1398 هـ-ش)، عروسی قریش، ناشر اسم، تهران.

بیات، میترا، (1386هـ-ش)، بی قرار، همچون باد: رمانی بر اساس زندگی سلمان فارسی، موسسه فرهنگی مدرسه برهان، ایران.

تریز، عبدالرشید،(1398 هـ-ش) ، اصحاب ایرانی رسول الله، نشر احسان، تهران.

جعفریان، رسول،(1381هـ-ش)، کتابشناخت مولد النبي، تهران.

حسن بیگ، محمد ابراهیم،( 1395 هـ-ش) ، محمد رسول الله (ص) رمانی بر اساس داستان زندگی پیامبر اسلام (ص)، ناشر مؤسسه فرهنگی مدرسه برهان (انتشارات مدرسه)، تهران.

خانه پژوهش قم،( 1383 هـ-ش )، مقاله شناسی پیامبر اسلام (ص)، خانه پژوهش قم، قم

خوزانی، زیبا شفیعی،(1396 هـ-ش) ، سیرەپژوهی رژی بلاشر خاورشناسی فرانسوی، ناشر امیر کبیر، تهران.

دهشیری، سید ضیاءالدین،( 1384هـ-ش)، نعت حضرت رسول اکرم در شعری فارسی، تهران.

راهی، مریم،( 1398 هـ-ش)، یوما، انتشارات نیستان.، تهران.

رضایی، مرتضی، (1396 هـ-ش)، بررسی سیره مدنی رسول خدا (ص) در پژوهش های تاریخی همیلتون گیب، وتارێکە لە کتێبی سیره پژوهی و سیره پژوهان، پژوهشکده تاریخ اسلام ، تهران.

رهنما، زین العابدین ، (1394 هـ-ش) ، پیامبر زندگی حضرت رسول اکرم (ص)، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

سید علوی، سید ابراهیم، (1388 هـ-ش) ، سیره تحلیلی پیامبر اعظم، موسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

سینا، ابوعلي، (428ك./1037ز.)، (1366 هـ-ش) ، میعراج نامه، پێشەکی و لێکۆڵین: نجیب مایل هروی، بنیاد پژوهشهای اسلامی.، مشهد.

شرقی، محمد علی، (ب،س)، قیام حق تاریخی زندگانی پیامبر اسلام محمد بن عبدالله، رضائیه.

شیرازی، رضا، 1387 هـ-ش ، أی رسول خدا، انتشارات پیام آزادی، تهران.

طباطبائی، مصطفی حسینی، (1368 هـ-ش)، خیانت در گزارش تاریخ، انتشارات چاپخش، تهران.

عسکری، علی،(1385 هـ-ش) ، سیمای رسول أکرم در آینەی شعری فارسی، ناشر شلفین، تهران.

فردوسی، حکیم ابو القاسم، (1385هـ-ش) ، شاهنامه، پروانه طاهری- مونا ناصر المعمار، تهران.

فیاض، علی اکبر،( 1397 هـ-ش )، تاریخ اسلام، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.

قریشی، سید محمد شافی،( 1397 هـ-ش)، دیوان قریشی، نشر احسان، تهران.

کارزونی، سعید الدین محمد بن مسعود،( 1366 هـ-ش) ، نهاية المسؤول في رواية الرسول، ترجمة: عبدالسلام بن حسين بن علي الابرقوهي، تصحيح: محمد جعفر یاحقی، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

گروه تاریخ پژوشگاه حوزه و دانشگاه، ( 1389 هـ-ش) ، دانشنامەی سیرەی نبوی، پژوشگاه حوزه و دانشگاه، تهران.

مجلسی، محمد باقر، (1383 هـ-ش)، (حیاة القلوب) تاریخ پیامبر اسلام، تحقیق سید علی امامیان،قم، مجلد٣،مجلد٤،تهران.

محلاتی ، سید هاشم رسولی، (1375 هـ-ش)، زندگانی محمد (ص) پیامبر اسلام، تهران.

مطهری، مرتضی، (1385 هـ-ش) ، سیری در سیره نبوی، ناشر صدرا، تهران.

ناروئی، داود، (1391 هـ-ش) ، رسول خاتم بر منابع اهل سنت پژوهشی تحلیلی در زندگی پیامبر اسلام، نشر احسان ، تهران.

نیا، کریمی، (1386 هـ-ش) ، سیره پژوهی در غرب، مجمع جهانی تقریب مذاهب اسلامی، تهران.

نیا، محسن حیدر، (1396 هـ-ش)، مدخلی بر شناخت سیرەنویسی فارسی در شبه قاره، وتارێکە لە کتێبی سیره پژوهی و سیره پژوهان ، پژوهشکده تاریخ اسلام، تهران.

همدانی، رفیع الدین اسحاق ابن محمد، (1373 هـ-ش) ، سیرت رسول الله، لێکۆڵین: جعفر مدرس صادقی، نشر مرکز، تهران.

یاحقی، محمد جعفر، (ب.س)، دوومین سیره پیامبر اکرم به زبان فارسی، کتابشناس، تهران.

**چوارەم: سەرچاوەی ئینگلیزی**

Minorsky,V. (1986), THE ENCYCLOPAEDIA OF ISLAM, new edition,. ABARRKOH, Lieden.

**پێنجەم: سەرچاوەی تورکی**

İSMAİL AKA, MÎRHÂND, İslâm Ansiklopedisi, Cild 11, Diyanet Vakfı Yayınları, İstanbul.

**شەشەم: سەرچاوەی ئەلەکترۆنی**

**https://shahr20.ir/7166**
https://www.arrabita.ma/blog

**حەوتەم: چاوپێکەوتن**

داود ناروئی لە 25 تەمموزی 2019 لە شاری تەهران، نوسەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام داوە. چونکە دانەری کتێبێکە لە دوو بەرگدا، بە ناونیشانی (رسول خاتم بر منابع اهل سنت پژوهشی تحلیلی در زندگی پیامبر اسلام).

**پاشکۆ**

**لیستی ناوی هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) کە رەچەڵەکیان بۆ نەژادی ئێرانی دەگەڕێتەوە. (تریز، 1398،ل 289 – 294)**

| نام صحابی | صحابی بودن | ایرانی بودن |
|---|---|---|
| (آ) | | |
| آزاد بانوی قهرمان | قطعی | قطعی |
| آزاد مرد | قطعی | قطعی |
| آشپزباشی | قطعی | قطعی |
| (الف) | | |
| ازداد | قطعی | قطعی |
| ابوکبشه مولیٰ رسول اللّه | قطعی | قطعی |
| ابو مسرح مولیٰ رسول اللّه | قطعی | قطعی |
| ابوعقبه فارسی | قطعی | قطعی |
| اسامه بن مالک | ظنی | ظنی |
| أُسیخب | ظنی | ظنی |
| ابو ضُمیره | قطعی | قطعی |
| اُمّ ضمیره | قطعی | قطعی |

| | | |
|---|---|---|
| ابومنصور فارسی | قطعی | قطعی |
| ابو وهب جیشانی | ظنی | ظنی |
| ابورافع مولی رسول اللّه | قطعی | ظنی |
| ابایون فارسی | قطعی | قطعی |
| ابوشاه یمنی | قطعی | قطعی |
| (ب) | | |
| بابویه فارسی | قطعی | قطعی |
| باذان | قطعی | قطعی |
| بهزاد ابومالک | ظنی | ظنی |
| برادر فیروز دیلمی | ظنی | قطعی |
| (ج) | | |
| جابان | قطعی | قطعی |
| جَرجَست | قطعی | قطعی |
| جُشیش | قطعی | قطعی |
| جَدّ جُمیره | قطعی | قطعی |
| (خ) | | |
| خُرخَست | قطعی | قطعی |
| خُرزاد بن بُزَرج | قطعی | قطعی |
| خُرّ خسرو | قطعی | قطعی |

| | | |
|---|---|---|
| (د) | | |
| داذویه فارسی | قطعی | قطعی |
| دیلم حمیری | قطعی | قطعی |
| دختران نعمان | قطعی | قطعی |
| دینار فارسی | ظنی | ظنی |
| (ذ) | | |
| ذکوان مولی رسول اللّه | قطعی | قطعی |
| (ر) | | |
| رُسْتُم | قطعی | قطعی |
| رُشید فارسی | قطعی | قطعی |
| ربیعة بن الفراس | قطعی | ظنی |
| رومان مولی رسول اللّه | قطعی | قطعی |
| (ز) | | |
| زید دیلمی | قطعی | قطعی |
| (س) | | |
| سالم مولی ابی حذیفه | قطعی | قطعی |
| سلمان فارسی | قطعی | قطعی |
| سعد بن بالویه | قطعی | قطعی |
| سعد بن خوله | قطعی | قطعی |

| | | |
|---|---|---|
| سعد بن خولی مولی حاطب بن ابی بلتعه | قطعی | قطعی |
| سعد بن خولی عامری | قطعی | قطعی |
| سفینه | قطعی | قطعی |
| سُکینه | قطعی | قطعی |
| (ش) | | |
| شُقران مولی رسول اللّه | قطعی | ظنی |
| شهر بن باذان | قطعی | ظنی |
| (ض) | | |
| ضمیره | قطعی | قطعی |
| (ط) | | |
| طهمان مولی رسول اللّه | قطعی | قطعی |
| (ع) | | |
| عامر بن شهر | قطعی | قطعی |
| عبدالرحمان بن نعمان | قطعی | قطعی |
| عبدالرحمان بن الازرق فارسی | قطعی | قطعی |
| عقبه فارسی | قطعی | قطعی |
| عبداللّه بن فیروز | ظنی | قطعی |

| | | |
|---|---|---|
| (ف) | | |
| فَنَجٌ بن دَخْرَج | ظني | قطعي |
| فَيروز ديلمي | قطعي | قطعي |
| (ق) | | |
| قُبَاث بن اسيم يا رستم | ظني | ظني |
| قيس بن وهرز | قطعي | قطعي |
| قاسم بن ابو عبدالرحمان | ظني | ظني |
| قيس بن يزيد | قطعي | قطعي |
| (ك) | | |
| كنيز فارسي | قطعي | قطعي |
| كنيز دختر فارسي | قطعي | قطعي |
| كيسان مولى رسول اللّه | قطعي | قطعي |
| (م) | | |
| ماناهه / محمد مولى رسول اللّه | قطعي | قطعي |
| مرزبانه بانوى ايراني | قطعي | قطعي |
| مهران مولى رسول اللّه | قطعي | قطعي |
| مُقْسَمْ | قطعي | قطعي |
| مركبود | قطعي | قطعي |

| | | |
|---|---|---|
| (ن) | | |
| نُعمان بن بُزَرْج | ظني | قطعي |
| (و) | | |
| وَبر بن يُحنس | قطعي | قطعي |
| (هـ) | | |
| هرمز مولى رسول اللّٰه<br>هرمز بن ماهان | قطعي<br>قطعي | قطعي<br>قطعي |
| (ى) | | |
| يُحنس بن وَبره<br>يزداد فارسي<br>يزيد بن بهرام<br>يزيد بن ابى منصور<br>يزيد بن مهارخسرو<br>يفودان / محمد بن يفديدويه | قطعي<br>قطعي<br>ظني<br>قطعي<br>قطعي<br>قطعي | قطعي<br>قطعي<br>ظني<br>قطعي<br>قطعي<br>قطعي |

## كتابة السيرة النبوية باللغة الفارسية

**طارق محمد أورحيم**
جامعة صلاح الدين/أربيل-كلية الآداب- قسم التاريخ
Tareq.awrahim@su.edu.krd

**ملخص**

كانت الكتابة في السيرة النبوية باللغة العربية لعدة قرون متتالية، ولكن كتاب الفرس شرعوا في ترجمة بعض المصادر في السيرة النبوية الى اللغة الفارسية بعدما لاحظوا ان الناس لا يفهمون اللغة العربية بشكل واضح. ثم ألفوا بأنفسهم كتبا ورسائل حول السيرة النبوية بناء على المصادر الاولية، فشكلت تلك المحاولات المتواصلة مكتبة مستقلة في السيرة النبوية باللغة الفارسية.

ان التراث الفارسي تختلف عن غيرها من حيث اللغة والمذهب كذلك، فالاطلاع على تلك الآثار، وبالخصوص المؤلفات الأساسية الفارسية والمؤلفات المعاصرة حول سيرة الرسول -صلى الله عليه وسلم- هي خطوة في طريق الاطلاع على تاريخ كتابة السيرة النبوية باللغة الفارسية، كما أنها تفتح الباب لكي يتعرف باحثوا السيرة النبوية على منهج ورؤية بعضهم البعض، ومن هنا يحصل التعارف والتبادل العلمي بين كتاب السيرة المختلفين، ويمكنهم كذلك من النظرة الى أعمال غيرهم نظرة علمية صحيحة.

**الكلمات المفتاحية:** السيرة النبوية، المصادر الفارسية، منهج الكتابة التأريخية

## Writing the biography of the Prophet in Persian

**Tareq Mohammed Awrahim**
Department of History, College of Arts, Salaheddin University-Erbil
Tareq.awrahim@su.edu.krd

**Abstract**

The writing of the biography of the Prophet was in Arabic for several centuries in a row, but Persian writers began translating some sources in the biography of the Prophet into Persian after they noticed that people do not understand the Arabic language clearly. Then they themselves wrote books and letters on the biography of the Prophet based on the primary sources, and these continuous attempts formed an independent library in the biography of the Prophet in the Persian language.

The Persian heritage differs from others in terms of language and doctrine as well, so looking at these antiquities, especially the basic Persian literature and contemporary literature on the biography of the Prophet - may God’s prayers and peace be upon him - is a step in the way of reviewing the history of writing the Prophet’s biography in the Persian language, and it also opens the door for researchers of the Prophet’s biography to learn about the approach and vision of each other, and from Here, acquaintance and scientific exchange takes place between different biographers, enabling them to look at the works of others with a correct scientific view.

**Keywords:** Biography of the Prophet, Persian sources, Historic writing method.